# لەناوبردنی ئیرادە و قەیرانی هەڵبژاردن

دارا محمد - لەندەن

یەکێك لەو نائومێدی یە گەورانەی ئەمرۆ ڕووبەڕووی خەڵك دەبێتەوە لە کوردستاندا بریتیە لە ئاشکرابوون و دەرکەوتنی ئەو ڕاستییەی کە ڕۆژانە هێزە سیاسییەکان لە میانەی ئەو پاشاگەردانییە سیاسیەی مومارەسەی دەکەن پتر والآی دەکەن ئەویش ئەو پەیامەیە کە خەڵك تەنها کەرەسەیەکە لەبەرەیوەبردنی ماشێنی حیزبەکان و دواجار سەرورەری ئەم حیزبانەو سەرکردەکانیان. خەڵك (نەك هاولآتیان) تەنها بینەری ئەو ڕووداوانەن کە هیچ رۆڵێکیان تیایدا نیەو هیچ کارلێکێکی ئالوگۆڕ نە لەگەڵ یەکتریداو نە لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندا لەناو بوارێکی سیاسی وگشتیدا دروستناکەن. کەواتە دەرکەوتنی ئەو ڕاستیەی کە لەژێر فشاری هێزە سیاسیەکانی کوردستاندا خەڵکی وەك مێگەلێك کەپێویست بوو دەهێنرێنە ناو پرۆسە سیاسیەکەوە، بەلآم ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا سەرنجی بدەین ئەوەیە کەوەك مێگەلێکی بێدەنگ، بێزمان وبێئاخافتن کە توانای گەیاندن ودواندن وپرسیارکردنی لەدەسدابێت دەهێنرێن، کەئەمە ڕاستیەکی لەڕادەبەدەر ترسناکەو ئەو نائومێدیە گەورەیە دروستدەکات کەحیزبەکان هەمیشە لەهەوڵی کەنارخستنی خەڵك ودوورخستنەوەیانن لەبازنەی سیاسەتکردن وکردە یان نواندنی سیاسی (political action)و لەدروستکردنی دامەزراوە کۆمەلآیەتی وکولتوری وسیاسیەکان، کەئەمەش دواجار بە کوشتنی ئیرادەی تاکەکەسەکان کۆتایی دێت، کوشتنی هەر ئیرادەیەك بۆ دەرکەوتن ونواندنی سیاسی وبەشداریکرنێکی چالاکانەی پرۆسەی سیاسی.

ئەم هەوڵی لەئیرادەخستنە لەو ساتەوەختەوە دەستپێدەکات کاتێك کە کەسانی ناو کۆمەڵگا خۆیان وەك ئەندام ولایەنگرو جەماوەری حیزبێك دەناسێنن، پێدانی شوناسێکی لەم جۆرە، کەئەمە بەهیچ جۆرێك ناتوانین بەشوناسێکی سیاسی ناویبەرین بەڵکو لێرەدا دەکرێت بەشوناسێکی مێگەلیی ناویبەرین. حیزب لە بەهێزکردن وچەسپاندنی ئەم شوناسەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت ومرۆڤەکان لەچوارچێوەی ئەم شوناسەدا خۆیان دەناسێنن کاتێك پێیانوایە کەتێکەڵ نەبوونیان بەجەماوەری حیزبێك بەواتای مەرگیان دێت وبوونیان وەك کەسێکی تەنها تووشی گۆشەگیرییەکی کۆمەلآیەتی وسیاسیان دەکات. بێگومان مرۆڤ پێویستی بەبوونی کۆمیونیتیەك هەیە کەلەناویدا بەها ئەخلاقی وکۆمەلآیەتی وسیاسیەکانی خۆی تیا بپارێزێت ولەئەنجامی دایەلۆگێکی بەردەوام وکارکردنێکی هەماهەنگیانە یەك لەگەڵ ئەویدیدا پەرە بەتوانا تاکەکەسی ومرۆییەکانی خۆی بدات، واتا مرۆڤ پێویستی بەبوونی بوارێکی گشتی هەیە وەك کایەیەك بۆ مومارەسەکردنی ژیانی سیاسی خۆی وهەروەها بۆ دەرکەوتنی توانا تاکەکەسیەکان وداهێنانەکانی. بەلآم مەترسیە گەورەکە ئەوەیە کە حیزب بۆ بەردەوامیدان بەخۆی پێویستی بەلەناوبردنی ئەم بوارە گشتیەی هەیەو لەڕاستیدا خۆی کار لەسەر خواردنی ئەم بوارە دەکات، چونکە تەنها لەبوارێکی وادا مرۆڤەکان توانای هەبوونی شوناسی هاولآتیبوونیان هەیەو ئەم بوارە گشتیە (سیاسیە) مەرگەساتی شوناسی مێگەلییە. کەواتە حیزب کار لەسەر نەهێشتنی کۆمیونیتیەك (یان کۆمەڵگایەکی) سیاسی دەکات کەئەندامەکانی ناوی هەڵگری جیاوازی ورەهەندی فیکری وعەقڵانی جیاوازن، لەبری ئەمە کار لەسەر دابەشکردنی ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەکات بەسەر ئینتیمای حیزبیداو کردنیان بەجەماوەری حیزب وبەندەی ئایدیۆلۆژیاو پروپاگەندە بێماناکانی حیزب. لێرەدا مرۆڤەکان توانای بیرکردنەوەو ئەگەری بوونیان بەبوونەوەریکی عەقلآنی لەدەستدەدەن، ئەو بوونەوەرەی توانای دەرکپێکردنی بەها

ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگاو تاکەکەس وچەمکی چاکەی هەیە، عەقلانیبوون بەو مانایەی مرۆڤەکان شوناسی تایبەتی تاکەکەسی وشوناسی کشتی سیاسی خۆیان ناکەنە قوربانی هیچ ئایدیۆلۆژیاو هیچ ئینتیمایەکی حیزبی. نەمانی ئەم توانای بیرکردنەوەیە لەکۆمەڵگادا بەمانای نەمانی گەیاندنو پردی پەیوەندیەکانی نێوان ئەندامەکانی دێت کەچیتر زمان وئاخافتن کەرەسە گرنگەکانی نواندنی سیاسیان نابێت، پەیوەندیەکان بۆخۆیان دەبنە پەیوەندی هێزو هەوڵدان بۆ بەزاندنی ئەویدی وبەرهەمهێنانی زەبروزەنگو توندوتیژی کەهەمیشە حیزب هەوڵی دابینکردنی سووتەمەنی ئەم بەرهەمهێنانە دەدات. کەواتە لەکۆمەڵگایەکی وا ناتەندروستدا کەجیاوازیەکان بریتینین لەجیاوازی فیکری ورەهەندە عەقلانیەکانی تاکەکەسەکان وتوانا تاکەکەسیە جیاوازەکان، هەموو قسەکردنێك لەسەر چەمکی هاوڵاتیبوون وئازادی قسەکردنێکی پووچ وبێمانا دەبێت. کارکردنی حیزب لەسەر ناساندنی مرۆڤەکان بەپێی شوناسێکی مێگەلیی ئەو بارە مەترسیدارەیە کەهیچ کایەیەك بۆ بوونی تاکەکەسێکی ئازاد ناهێڵێتەوەو، زمان وئاخافتن نابنە رەگەزە سەرەکیەکانی پەیوەندی نێوان تاکەکەسەکان. مەبەستمان لە بوونی زمان لەم پەیوەندیەدا ئەوەیە کەمرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگایەك پەنادەبەنە بەر دایەلۆگ وئاخافتن وگفتوگۆ (debate) لەبەشداریکردنیان لەکردەو نواندنی سیاسیداو، لەم رێگەیەوە دەبنە بەشێك لەچاودیریکەری دەسەڵاتی سیاسی وپرۆسەی بەڕێوەبردنی حکومەت، لێرەوە کۆمەڵگا پێویستی بەبوونی هاوڵاتی هەیە وەك بوونەوەرێکی بیرکەرەوەو خاوەن ئیرادەو حوکم (judgement)، واتا کاتێك تاکەکەس لەکۆمەڵگادا خاوەنی ئازادی دەبێت کەتوانای بیرکردنەوەو حوکمدانی بەسەر ڕووداو و دیاردەکاندا هەبێت ودواجار خاوەنی ئیرادەیەکی خۆی بێت کەلە چوارچێوەی شوناسی جەماوەری حیزبیدا نەتوێتەوەو حیزب ڕۆلی باوکی بۆ نەبینێت.

بوونی ئازادی تاکەکەسەکان تاڕادەیەکی گەورە بەندە بەئامادەبوونیان لەژیانی سیاسی وبەشداریکردنی چالاکانەی پرۆسەی گفتوگۆو کرداری سیاسی لەلایەك، لەلایەکی دیکە بوونیان وەك بوونەوەرێکی عەقلانی لەناو کۆمەڵگادا کەگرنگترین ودیارترین خەسڵەت تیایدا بوونی "ئیرادەی بیرکردنەوەیە". ئەم ئیرادەیە تایبەتمەندی تاکەکەسە بۆ تێگەیشتن و ویستی پرسیارکردن و زانینە لەڕێگەی دیموکراتیزەکردنی شێوازی گفتوگۆو پەیوەندیکردنەوە. واتا ئیرادەی هاوڵاتیانە بۆ پێکهێنانی ئەو بوارەی کەتیایدا شوناسی خۆیان وەك شوناسی هاوڵاتیەکی ئازاد دەبیننەوە، ئەمەش ڕازینەبوونە بەبوون بەبەشێك لەو مێگەلەی حیزب دروستیدەکات وبەکاریدەهێنێت ودواتر کەنارگیری دەکات وبێزمان دەیهێڵێتەوە، ئەم ئیرادەیە لەکارکردن (function) ناوەستێت تەنانەت ئەگەر بەشێکی کۆمەڵگاش بەسەر ئینتیما حیزبیەکاندا دابەشببێت. لەکۆنتێکستە سیاسیەکەیدا ئازادی هاوڵاتی بریتیە لەوەی کەتوانای وتنی هەبێت، توانای خۆڕێکخستنی لەدامەزراوەکانی ناو کۆمەڵگادا هەبێت، دواجار چۆن لەپرۆسەی بەشداریکردنێکی چالاکانەی ژیانی سیاسیدا توانای بەدامەزراوەییکردنی ئازادی هەبێت، واتا چەمکی ئازادی بکاتە جەوهەری بوونی وەك تاکەکەس ووەك هاوڵاتیەکی ناو کۆمیونیتیەکەی. ئازادی تەنها لەفەزایەکدا جێگەی دەبێتەوە کەتاکەکانی ناوی نرخی هاوڵاتیبوونی خۆیان بزانن کەئەمەش لەڕێگەی هاتنەکایەی ئەو دامەزراوانەوە دەبێت کەفشاربەرە بۆسەر دەسەڵات وحکومەت بۆ پتر والآبوونی سیاسەتکردن و، ڕەخنەگرێکی بەردەوام وقسەکەرە لەسەر ئەوەی ڕوودەدات ولەسەر چۆنیتی شێوازی بەڕێوەبردنی حکومەت.

ڕۆڵی حیزبە کوردیەکان بەتایبەتی دوو حیزبە فەرمانڕەواکە بریتیبووە لەتێکشکاندنی هەر بوارێك کەدەکرێت بە بواری گشتی یان سیاسی ناویبەرین، ئینجا ڕێگەنەدان بەدروستبوونی هاوڵاتیەکی ئازاد، چونکە هەمیشە

کەسەکان لەچوارچێوەی ئینتیمایەکی حیزبیدا شوناسیان پێبەخشراوە کەدواجار ئەمانە بوونەتە جەماوەری (mass یان crowd) حیزبی وکۆمەڵیك بوونەوەری بێدەنگ وبێڕەنگ کەتوانای دەرکەوتن ووتووێژیان لەدەستداوە. بێگومان ئەمە بریتیبووە لەپرۆسەی بەپەراوێزکردن ونەهێشتنی کاریگەری تاکەکەسەکانی ناوکۆمەلگا لە کۆمەڵێك ڕێگەی جیاوازەوە، لەوانە تاودانی ئەم جەماوەرە بەکۆمەڵێك خەونی ناسیۆنالیزمانەوە (کەهەرچەندە ئەم خەونانە لەجەوهەری ناسیۆنالیزمەوە دوورەو هیچ کاتێك ئەم حیزبانە خەونی ناسیۆنالیستیان نەبووە) و، برەوپێدانی حەماسەتێك کەماناکانی لەسەر چەند سەرمایەیەکی ڕەمزی بەندە کەگرنگترینیان خۆی لەڕەمزی سەرۆك وڕەمزی شەهیددا دەبینێتەوە. لەڕێگەی دروستکردنی کەڵتی سەرۆك وپەروەردەکردنی عەقڵیەتێك لەناو کۆمەڵگادا کەسەرۆك وەك باوکی کۆمەڵگاو شوانی هەموو ئەندامەکانی وێنادەکرێت، ئیتر هیچ بۆشاییەك بۆ کاریگەری وداهێنانی تاکەکەسەکان نامێنێتەوە. لێرەوە نابێت پرسیار لەتواناو حیکمەت ودەسەلاَتی سەرۆك بکرێت، مرۆڤەکان دەبنە گوێگری ڕێنماییەکانی سەرۆك وهەمووان دەبێت لەسایەی ئەودا پێوانەکان دابڕێژن. سەرۆکی حیزب هەمان سەرۆکی ئەو خێڵەیە کەئەندامەکانی ناوی لەدەرەوەی خێڵ پارێزراو نابن وخاوەنی هیچ جۆرە شوناسێکی تایبەتی نین، خێڵ یان حیزب ئەو یەکە هاوچەشنەیە (homogeneous) کەهەمووان لەدەوری ئەفسانەیەك یان ئایدیۆلۆژیایەك کۆدەکاتەوە کەلەزۆربەی بارەکاندا سەرۆك خێڵ یان حیزب دەبێتە مەرجەع ونوێنەری ئەم ئەفسانەو ئایدیۆلۆژیایانە. ئەندامانی خێڵ مانای بوونیان لەم ئەفسانانەوە وەردەگرن کەتەفسیری جیهانیان بۆ دەکات وئەو هۆکارانەیان بۆ دەخاتەڕوو کەمانەوەیان لەناو خێڵدا بەمانای بوون وبەردەوامیان دێت. ئەم حاڵەتە بۆخۆی دروستکەری ترسێکی گەورەیە لەلای ئەندامانی خێڵ بەرامبەر بەئەگەری نەمانی ئەو پاراستنەی کەخێڵ بۆ ژیانیانی تەرخاندەکات، لەهەمانکاتدا هەستکردن بەو قەرزاریەی کەهەریەکێك بەرامبەر بەخێڵ وسەرۆکەکەی هەیەتی. هەمووان لەسەر خوانی ئەفسانەیەك وسەرۆکیك کۆدەبنەوە کاتێك وەك ئەندامانی خێڵێك بیردەکەنەوەو خێڵ دەبێتە سەرچاوەی شوناسیان، واتا لەو ساتەوەختەی مرۆڤەکان لەوەدەوەستن وەك تاکەکەسێکی ئازاد بیربکەنەوە ئیتر بەهەمان شێوە بوونیان لەجیهاندا بوونێکی لەبیرچووەوەیەو جیهان چوارچێوەیەکی گەلێك گەورەترەو پێویستیان بەیەکەیەکی بچوکتر (وەك خێڵ یان حیزب)و ئەفسانەیەك کەبیانپارێزێت هەیە. لەدنیای کورددا ئەمە بەتەنها بەراوردێك (ئەنالۆجیەك) نیە لەنیوان خێڵ وحیزبدا، بەڵکو ئەمە لەتەنها بەراوردێك تێدەپەرێت ویەك ئەویدی تەواودەکات ولەهەندیك باردا سەرۆکی حیزب سەرۆکی خێڵیشە. گرنگی ئەم خاڵە لەوەدایە کەتەنها ئەندامانی خێڵ یان حیزب نین کەلەدەرەوەی ئەفسانەو ئایدیۆلۆژیاکان توانای مانەوەیان نیە، بەڵکو حیزبی کوردی لەهەوڵی دابەشکردنی کۆمیونیتی کوردی بەسەر ئینتیمای حیزبیدا دەبێتە ستراکچەری ئەو خێڵەی کە مرۆڤەکانی ناو کۆمیونیتیەکە، ئەگەر ئەندامانی حیزبیش نەبن، وەك ئەندامانی سەربە خێڵێك خۆیان لەناو ئەفسانەو ئایدیۆلۆژیاکانی حیزبێکدا دەناسێنن ودواجار شوناس لەوەوە وەردەگرن، واتا شوناسێك کە حیزب فەراهەمیدەکات بۆ ئەندامانی کۆمیونیتیەکەو دەبێتە سەرچاوەی پاراستن ولەزۆربەی بارەکاندا سەرچاوەی ژیان وپێگەی کۆمەلاَیەتی، بەهەمان شێوەی ئەو بارەی کەئەندامانی خێڵ لەدەرەوەی خودی خێڵ خاوەنی بوون وشوناس نابن. لێرەوە "ئیرادەی بیرکردنەوە" دەبێتە یەکێك لەخەسڵەتە بنچینەییەکانی مرۆڤ بۆ دەرچوون لەئەفسانەی خێڵ وحیزب ودواتر سەرۆك، واتا ئیرادەیەك بۆ حوکمدان وبیرکردنەوە لەڕیشەکانی ئەم ئەفسانانەو هەڵسوکەوتکردن نەك وەك ئەندامی خێڵ یان حیزب بەڵکو وەك تاکەکەسێکی ئازادی ناو کۆمیونیتی کەئایدیای سەرۆك نابێتە خاڵی پێکەوەگرێدانی یەکەکانی ناو کۆمیونیتیەکە، بەڵکو بەها مۆراڵی وسیاسیە هاوبەشەکان وبنەماکانی دادپەروەری خاڵی پێکەوەگرێدانیان دەبێت. بەلاَم هەرکاتیك ئەم ئیرادەیە ونبوو ئەوا مرۆڤەکان ئەندامی خێڵ وحیزبەکانن وسەرۆك پێویستیبوونی

خۆی دەسەپێنێو کۆمەڵگایەك دێتەکایەوە کەپێکدێت لەچەند کۆمەڵەیەك لەجەماوەری حیزبی وسەرەنجام مرۆڤێکی پەراوێزکراوو بێزمان بەرهەمدەهێنێت. حیزبی کوردی لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەفسانەکانی وەکو کوردایەتی ونەتەوەپەرستی وفەندەمێنتالیزمی ئایینی وکۆمۆنیزم وهتد، هەوڵی جڵەوکردن وبێدەنگکردنی کۆمەڵگا دەدات وڕەمزی سەرۆك لەپاڵ ئەم ئەفسانانەدا دەبێتە بەشێکی تەواوکەر بۆ جەماوەری حیزب، ئیتر هەندێکجار سەرۆك بوونیکی هەمیشەیی هەیەو وەك سەرۆکی خێڵ بۆ وەچەکانی دوای خۆی دەمێنێتەوەو بەردەوامی وەردەگرێت وچیتر لێمان نابێتەوە، بەباریکی دیکەیدا سەرۆکەکان ئەو دیکتاتۆرانەن کەچیدی گومان وپرسیار لەدەسەڵات وتوانایان ناکرێت وئەو بارە شێواو وناتەندروستە دروستدەبێت کەگوێ لەهیچ رەخنەو تیۆرەیەکی سیاسی جیدی ناگیرێت. پتر لەمە لەدنیای کورددا سەرۆك سیفەتێکی میتافیزیکی وەردەگرێت، واتا هەروەك چۆن خێڵ پەیوەندییەکی رۆحی بۆ ئەندامەکانی خۆی دروستدەکات وسەرۆك خێڵ دەسەڵات وشەرعیەتی زادەی دەسەڵاتیك دەبێت کەتێکەڵە بەکۆمەڵێك ڕەهەندی جیاوازی وەك کاراکتەرو ئایین وخوێن وهەندێکجار جینیالۆجیای کەسەکە، بەهەمان شێوە سەرۆکی حیزب دەبێتە باوکی هەمووان وڕێبەری کۆمەڵگا کەئەمەش ئەو مافەی پێدەبەخشێت کەدەسەڵاتی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسیدا پەخشبکاتەوە.

بێگومان گرنگترین ڕەهەندی میتافیزیکی کەشەرعیەت دەدات بەحیزب وبەسەرۆك بریتیە لەڕەمزی شەهید وەك خەسڵەتێکی زۆر گرنگی بەردەوامی پێکهاتەی حیزب. جەنگاوەرو قارەمانەکان لەپاڵ شەهیددا ئەو ڕەگەزانەن کەحیزب بەرهەمیاندەهێنێو لەبەکارهێنانێکی حیزبیانەو دواجار نەتەوەییدا بەرهەمدەهێنرێتەوە. شەهید بەدەر لەوەی کەخۆی گەڕانەوەیە بۆ ئەو مرۆڤەی کەلەهاوکێشەی مەرگ- ژیان نەچۆتە دەرەوە، بەڵام بۆ حیزب لەبەکارهێنانی خۆیدا شەهید ڕەگەزی بوون وژیانی پێکهاتەکانێتی بەجۆرێك کەجێکردنەوەی خۆی لەدنیای جەنگی حیزبیدا بەهۆی ئەوەوە مسۆگەردەکات. کەواتە حیزب وسەرۆك بەبێئامادەبوونی شەهید وەك ڕەهەندێکی میتافیزیکی توانای بەدەستهێنانی دەسەڵاتیکی سەرانسەرییان نیە بۆ هەیمەنەکردنی بواری گشتی ودوایتر بەخشینی هەموو ڕەوایەتیەك بەخۆیان بۆقۆرخکردنی ژیانی سیاسی لەهاوڵاتیان وبێدەنگکردنیان. بوونی شەهید وەك ڕەمزیك بۆ قەبارەی حیزب ئەو باوەڕە لەلای تاکەکانی کۆمەڵگا دروستدەکات کەتەنها حیزبەکان وسەرکردەکانیان ماڤی سیاسەتکردن وبەڕێوەبردنی ئەوانی دیکەیان هەیەو، شتێك نامێنێت بەناوی بواری گشتی یان سیاسیەوە کەتاکەکەسەکانی ناو کۆمەڵگا وەك کەسانی ئازاد تیایدا دەربکەون وتوانای بەشداریکردنی سیاسیان هەبێت. بەمشێوەیە حیزبی کوردی بەتایبەتی یەکێتی وپارتی وەك دوو حیزبی فەرمانڕەوا لە باشووری کوردستاندا هەمیشە لەڕێگەی بوونی سەرۆکی هەمیشەیی وبەکارهێنانەکانی شەهیدەوە هیچ ئەگەرێکیان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سیاسی فرەڕەهەندو تەندروست نەهێشتۆتەوە کەتاکەکەس تیایدا وەك هاوڵاتییەکی ئازاد خاوەنی شوناسێکی سیاسی بێت، بەڵکو شوناسی کەسەکان دەبێت شوناسی حیزبی بن ولەچوارچێوەی ئەفسانەو ئایدیۆلۆژیاکانی حیزبدا پێناسەبکرێن. واتا ئەگەری بەدامەزراوەییکردنی ئازادی بەشداریکردنی سیاسی وماڤی هاوڵاتی وئەگەری کارکردنی لەبواری گشتیدا بچووکدەبێتەوە، لەکاتێکدا حیزب بۆخۆی ئەو ڕێکخراوو دەزگایانەی دروستکردووە کەسێبەری حیزبن وفەرمانەکانی حیزب وسەرۆك جێبەجێدەکەن کەئەمەش بەشێوەیەك لەشێوەکان لەناوبردنی هەموو ئەو وزانەیە کەئەندامان وبەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا هەیانەو بەکارهێنانیان بۆ خزمەتکردنی حیزب، بەڵام ناساندنیان وەك دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەر لە ڕێکخراوەکانی ژنان/ئافرەتان و قوتابیان/خویندکاران و لاوان/گەنجان تادەگاتە یەکێتی فلان و کۆمەڵەی فلان.

هەروەك لەسەرەتاوە پێشنیارمانکرد ئەم دوو حیزبە لەهەوڵی بەردەوامیان بۆ دابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر شوناسی حیزبیداو بەپەراوێزکردنی مرۆڤەکان وهێشتنەوەیان لەدەرەوەی بەشداریکردنێکی دیموکراسیانەی ژیانی سیاسیدا ئەگەرەکانی هاتنەکایەی تاکەکەسێکی ئازادیان لەبوارێکی سیاسیدا کوشتووە. بێگومان مامەڵەکردنی ئەم حیزبانە سەبارەت بەکردنەدەرەوەی بەشداری فراوانی کۆمەڵگا لەژیانی سیاسیدا ئەو حاڵەتەی هێناوەتەکایەوە کەبریتیە لەدروستبوونی بێبایەخی وبێلایەنبوون وبێباکی (indifference) تاکەکەسەکان بەرامبەر بەژیانی سیاسی کەئەمە حاڵەتێکی ناتەندروستە لەهەر کۆمەڵگایەکداو ئەمەش دەرئەنجامی ئەو پرۆسەی بەپەراوێزکردنەی کۆمەڵگایە کەحیزبەکان پیادەیدەکەن. دیارە کۆمەڵێك دەنگی یاخی وچالاك هەن کەدژ بەم حاڵەتەن، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کەئەمانە نەبوونەتە دامەزراوەو گروپی فشار بەشێوەیەکی ڕێکخراو. بێگومان ئەم حاڵەتی بێبایەخیە چەند هۆکارێکی هەیە لەوانە، بێزاری کۆمەڵگایە بەرامبەر ئەم دوو حیزبەو سەرجەم حیزبەکانی دیکە کەهیچ کامێکیان توانای پێشکەشکردنی مۆدێلێکی جیاوازیان نەبووە، بەڵکو لەهەندێك حاڵەتدا مۆدێلێکی خراپتربوون لەدوو حیزبەکە. هۆکارێکی دیکە ئەویش ئەو برەوە ئابوورییەیە کەئەمڕۆ لەکوردستاندا هەیە کەبووەتە کەمبوونەوەی بێکاری وبەرزبوونەوەی تاڕادەیەك داهاتی کەسەکان کەبە شێوەیەك لەشێوەکان بواری ئابووری بووەتە بوارێکی زاڵ ودیار کەژیانی کۆمەڵگای داگیرکردووە. هاتنەپێشەوەی بواری ئابووری بۆ پلەی یەکەمی بایەخەکان ئەم هەستی بێزاری وبێبایەخیەی بەرامبەر بەبواری سیاسی توندترکردۆتەوە، کەئەمەش تاڕادەیەکی زۆر دوورکەوتنەوەیە لەبوارو ژیانی گشتی(سیاسی) نەك ژیانی حیزبی کەئەمە دوو دیاردەی تەواو جیاوازن لەیەکتری. بواری سیاسی ئەو بوارەیە کەتاکەکەسەکان تیایدا لەلایەك شوناسی تاکەکەسی خۆیان ئاشکرادەکەن، لەلایەکی دیکە وەك هاوڵاتیەکی ئازاد لەڕێگەی نواندن وکردەی سیاسیەوە بەشداری لەبەڕێوەبردنی دەسەڵات ولەدامەزراوە گشتیەکان ونوینەرایەتیکردنەکاندا دەکەن. لەم بوارەدا تاکەکەسەکان لە پەیوەندییەکی بەردەوامدان لەگەڵ یەکتریداو جیاوازیەکانی خۆیان بەپارێزراوی دەهێڵنەوە، ئیرادەی کەسەکان بریتیە لەبیرکردنەوەو حوکمدان وەك بوونەوەرێکی عەقڵانی، واتا ئیرادەیەك بۆ هێزودەسەڵات لەم بوارەدا (واتا بواری گشتی) بوونی نیە. لەکاتێکدا ژیانی حیزبی ژیانێکی خاڵیە لەئیرادەی بیرکردنەوەو حوکمدان، بوونەوەرە حیزبیەکان بوونەوەری قسەکەرو ڕەخنەگرو خاوەن کرداری سیاسی نین، بەڵکو ئەو بوونەوەرانەن کەقسەکردن وزمانیان بریتیە لەپروپاگەندەی حیزبی وتوانای بیرکردنەوەیان لەدەستداوە، هەربۆیە کرداری سیاسیشیان توانای گەیاندن وپەیوەندیکردنی نیە لەگەڵ کۆمەڵگاداو وەك کردارێکی بێزمان وبێدەنگ دەردەکەون، لەبەرئەوە پتردەبنە کرداری توندوتیژی وبەڕێوەبردنێکی دیکتاتۆریانە. واتا لێرەوەیە دەبینین حیزبی کوردی هاوڵاتیان (دیارە هاوڵاتی وەك تاکەکەسی ئازاد کەخاوەنی مافەکانی هاوڵاتیبوون بێت لەئێستای کۆمەڵگای کوردستاندا بوونی نیە) دەکاتە دەرەوەی بواری گشتی یان سیاسی وبگرە ئەم بوارە ئامادەبوونی نیە لەئەنجامی ئەوەی حیزب جێگەی گرتۆتەوەو ئەم بوارەی لەناوبردووە.

یەکێك لەو دیاردانەی ئێستا دەکرێت لەسەری بدوێین دیاردەی هەڵبژاردنە کەیەکێکە لەو میتۆدانەی لەڕێگەیەوە بەشداریکردنی بەرفراوانی هاوڵاتیان دەخوازێت وتاڕادەیەك یەکێکە لەکەرەسەکانی بواری سیاسی کەتاکەکەسەکان بەشێوەیەکی ئازادنە برێك لەژیانی سیاسی خۆیان ممارەسەدەکەن. هەردوو حیزبە فەرمانڕەواکەی کوردستان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کەبڕیارە بکرێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەهەڵبژاردن ماناکانی خۆی لەئیرادەی تاکەکەس وکۆمەڵگاوە بۆ بوون بەبەشێك لەپرۆسەی سیاسی دەسەڵاتدا وەردەگرێت، هەموو ئەم ئیرادانەیان ژێرپێخست ومامەڵەیەکی مێگەلییان لەگەڵ سەرجەم کۆمەڵگادا کرد بەوەی ئەمان پێشوەخت هەموو کورسیەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردو ئینجا ئێستا باخەڵکیش دەنگ بەم

**کورسیانە بدات. ئەمە هەڵبژاردن نیە بەلکو گاڵتەجاڕییەکی بێتامە کەتەنها بەرژەوەندی ئەم دوو حیزبە دەپارێزێت. یەکگرتنی یەکێتی وپارتی وچەند حیزبێکی دیکە لەیەك لیستدا بۆ پەرلەمانی کوردستان پەکخستنی هەوڵەکانی دیکەبوو بۆئەگەری هاتنە ناوژیانی سیاسیەوە، لەکاتێکدا ئەم دوو حیزبە چەندین ساڵە دوو میرنشینی سۆران وبادینانیان دروستکردووەو ئێستاش پێناچێت دەستبەرداری ئەو میرنشینانەیان بن. بێگومان دیموکراسیەت تەنها لەپرۆسەی هەڵبژاردن وچوونە بەردەم سندووقی دەنگداندا کورتناکرێتەوە، کەتەنانەت ئەمەش بەشێوەیەکی تەندروست وڕێکوپێك بەڕێوەناچێت. سەرەتا دەبێت ئەوەبزانین کەهەڵبژاردنی عیراق بەشێوەیەکی گشتی یەکێکە لە خاڵەکانی ئەجێندای ئەمریکی بۆ نیشاندانی جیهان کەچۆن ئەمریکا دەتوانێت دیموکراسی بهێنێت ولەوڵاتێکی پڕلەستەمکاری وڕژێمێکی تۆتالیتاری وەك عیراقدا بیچێنێت، ئەمەش بۆ نیشاندانی ئەوەی کەجەنگەکانی ئەمریکا بریتین لە جەنگ لەپێناوی دیموکراسیدا. هەروەها ئەوەشمان لەبیرنەچێت کەحکومەتی بەریتانیا پێویستی بەسازدانی ئەم هەڵبژاردنە هەیە بۆبەکارهێنانی وەك پروپاگەندەیەکی ئیجابی لەهەڵبژاردنەکانی چەند مانگی داهاتووی بەریتانیادا، لەکاتێکدا کەئەم حکومەتە ڕووبەرووی ڕەخنەی توندبەدەبێتەوە دژ بەجەنگی عیراق. بەڵام سەرەڕای زانینی ئەمانەش خەڵکی عیراق وکوردستانیش دەکرێت سوودمەندبن لەم پرۆسەی هەڵبژاردنە بەوەی کەیەکەم، ببێتە کولتورو ترادسیۆنیك کەبەردەوامی وەربگرێت وڕێگە لەدروستبوونی دیکتاتۆرەکان بگرێت ودواجار لەڕێگەی دەستورەوە بەدامەزراوەییبکرێت. دووەم، کۆمەڵگا هوشیاری پەیدابکات بەوەی کەهەلبژاردن دەبێت چۆن سازبدرێت ولەسەر کام بنەمایانە بەڕێوەبچێت. سێیەم، تێگەیشتن لەوەی هەڵبژاردن هەموو گرفتەکان چارەسەرناکات، بەلکو هاوڵاتیان پێویستیان بەو بوارە سیاسیە گرنگەیە کەلەڕێگەیەوە ئازادییەکان وکردە سیاسیەکان بەدامەزراوەییبکەن وبەشداریکردن لەهەلبژاردندا دەبێتە بەشێك لەبەشداری سیاسی لەبواری گشتیدا. بەڵام ئەوەی ئێستا حیزبەکان لەکوردستاندا دەیکەن سەبارەت بەپرۆسەی هەڵبژاردن نەك هەر هەوڵدانە بۆ ئەوەی هەلبژاردن نەبێتە ترادسیۆنیك، بەڵکو هەوڵدانە بۆ هێشتنەوەی هەتاهەتایی دەسەڵاتی سیاسی هەردوو حیزبەکەو ڕازینەبوونە بەئەنجامێك کەلەدەسەڵاتیان کەمبکاتەوە. داڕشتنی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای لیستکاری ڕێگاکان ئاساںناکات بۆ زانین وهەلسەنگاندنی ئەو کەسانەی لەهەلبژاردندا بەشداریدەکەن، واتا دەکرێت هەڵبژاردن لەسەر بنەمای ناوچە بچوکەکان وشارەوانیەکان ئەنجامبدرێت وهەر حیزبە نوێنەری خۆی لەوێدا هەبێت وهاوڵاتیان دەنگ بەو کەسانە دەدەن کەدەزانرێت خاوەنی تواناو عەقڵیەتێکن کەبەتەواوی نابنە سێبەری حیزبەکەیان وبێزمان نابن و، ئەم کەسانە دەبێت لەپەیوەندییەکی بەردەوام وراستەوخۆدابن لەگەڵ هاوڵاتیاندا کەدەبنە نوێنەریان، نەك ئەو نوێنەرانە بن کەتەنها لەریگەی تەلەفزیۆنەکانەوە ببینرێن وبناسرێن. لەوڵاتێکی وەکو بەریتانیادا کەترادسیۆنێکی دوورودرێژی لەسیستمی پەرلەمانی وهەڵبژاردندا هەیە، زۆرجار هەندێك لەوانەی دژ بەبڕیارێکی حکومەت (کەحیزبی لەیبەرە) لەپەرلەماندا دەوەستنەوە ئەندامانی حیزبی ئۆپۆزسیۆن (کەحیزبی کۆنزەرڤاتیڤە) نین، بەڵکو ئەندامانی حیزبی لەیبەر خۆیانن. بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا بۆ دامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانی ناکرێت بەوشێوەیە بێت کەئێستا حیزبەکان لەکوردستاندا پەرلەمانیان بەسەر خۆیاندا دابەشکردووە پێشئەوەی ئەوکەسانە شەرعیەتی بوونیان لەوشوێنەدا لەکۆمەڵگاوە وەربگرن.**

**پەرلەمان وەك دەزگایەکی دەستوریی گرنگ کەپێدەچێت لەئێستاوە بەزەلیلی لەدایکببێت، هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێت ئەگەر گفتوگۆکانی ناوپەرلەمان بەشێوەیەکی ئاشکراوو کراوە پەخشنەکرێن، بەشێوەیەك کەهەموو کەسێك توانای بینین وبیستنی هەبێت لەوەی چۆن بڕیارەکان دەدرێن و، پێویستە ئەم دەزگایە لەپەیوەندییەکی بەردەوامدابێت لەگەڵ کۆمەڵگادا. بەڵام ئەوەی ئێستا کاری بۆدەکرێت لەڕێگەی**

هەلبژاردنەکانەوە هیچ جۆرە خەسڵەتێکی دیموکراسیانەی تیادانیە کەجێگەی ئومێدبێت. ڕەنگە بەشداریکردنی حیزبە کوردیەکان لەپەرلەمانی عیراقدا بەیەك دەنگ بەبارێکی ئیجابیانە بکەوێتەوە بۆبەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی کورد، بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەك لەهەلبژاردنەکانی کوردستاندا ڕاست نیە. هەرچەندە کورد زۆر گرنگە لەوە تێبگات کەچارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کورد لەڕێگەی بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگەوەو بردنی ئەم کێشەیە بۆناو دەنگدان لەپەرلەمانی عیراقدا کارێکی هێجگار هەڵەیەو ڕیسکێکی کوشندەیە، چونکە ئەم کێشەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەکورد خۆیەوە هەیە. لەپاش تێکشکانی ئەزموونی یەکەمی پەرلەمانی کوردی لەساڵی 1992دا، واتا لەساتی داگیرکردنیەوە لەلایەن یەکێتی وپارتیەوەو، پاشان بەرپاکردنی شەڕی ناوخۆو دریژەپێدانی میرنشینەکانیان، ئەو وانانەمان پێدەڵێن کەهەڵبژاردن لەکوردستاندا بەو شێوازەی کەئەو دوو حیزبە دەست بەسەر پەرلەمان وحکومەتدا بگرن بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆنیك وفشارێکی گەورەی کۆمەڵگاو دامەزراوە گشتی وسەربەخۆکان ئەنجامی هەر شکستدەبێت. باسکردن لەدیموکراسی لەلایەن ئەم حیزبانەوە بووەتە پروپاگەندەیەکی سواو لەمیدیاکانیاندا بەبێتێگەیشتن لەجەوهەری دیموکراسی کەهەرلانیکەم ئەمە لێپرسراوێتی دەخوازێت وداوای سیاسەتێکی ئاشکراو بەرپرسیارانەیان لێدەکات بەرامبەر بەهاوڵاتیان.

گرفتەکە لەمڕۆی عیراقدا بەتەنها لەدەوری هەلبژاردن کۆنابێتەوە، بەڵکو گرفتەکە لەخودی ئەو سیستمەدایە کەکوردستان بەڕێوەدەبات، سیستمێکە خاوەنی هیچ بەرنامەیەکی سیاسی ئاشکرا نیە لەمەڕ بوون بەبەشێك لەحکومەتی عیراقی و ئەو ڕێگایانەی بەر بەکارەساتێکی دیکە لەکوردستاندا دەگرن. ئایا کورد بیری لەوەکردۆتەوە کەپەرلەمانێکی هەلبژێردراو بۆ کوردستان دەبێت خاوەنی دەسەڵاتێکی دەستوری وقەزایی سەربەخۆ بێت کەحکومەتی ناوەندی توانای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی نەبێت؟ ئێستا لەعیراقێکدا کەپڕ لەئاژاوەیەو سکپڕە بەدەیان ڕووداوی چاوەڕواننەکراو، کورد دەبێت لەو هاوکێشە سیاسیانە تێبگات کەلەئەجێندای ئەمریکادا سەبارەت بەعیراق هەیە، لەمانەش گرنگتر هەنگاونانە بەرەو جێگیرکردنی سەربەخۆیی دەستوریی وقەزایی وبەڕێوەبردنی سیاسی کوردستان لەعیراقداو چەسپاندنی هەموو ئەمانە لەدەستوری هەمیشەیی عیراقدا، کەئەمە خاڵێکی بنەڕەتیە بۆ سەلماندنی داواکانی کورد لەم دەستورەدا، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك نەك وەك بەشێك لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی حیزبەکان، بەڵکو وەك کێشەیەکی سیاسی کە کاری جیدی لە کورد خۆیدەخوازێت. کاری حیزبەکان بەدرێژایی 13ساڵ لەحوکمڕانیان ودابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر شوناسی حیزبیداو کەنارگیرکردنی هاوڵاتیان لەژیانی سیاسی ئەو حاڵەتی بێباکیەی هێناوەتەکایەوە کەئەندامانی کۆمەڵگا بەرامبەر هەموو دیاردە سیاسیەکان هەیانە، بێگومان لەوانە هەڵبژاردنیش کەلەم بارودۆخەدا حیزبە کوردیەکان بەتەواوی دەیشێوێنن وپێشتر ئەنجامەکەی دیاریدەکەن، ئیتر لەم نێوەدا پرۆسەی هەڵبژاردن هیچ مانایەکی نامێنێت ودەبێتە ڕووداوێکی پووچ وبێبەهاو لەوەدەردەچێت ببێتە ڕووداوێکی سیاسی گرنگ لەژیانی هاوڵاتیاندا.